

کەریم دەشتی

# ئارەزوویەکی بچووک بەناوی ئازادی

**ئارەزوویەکی چکۆڵە، بەڵام دەستکەوتێکی گەورەیە کە بەرزی ئیشق و خواستی مرۆڤ و فەرهەنگ شارستانی دەگەڕێتەوە**

**وای مرۆڤ چەند جەبرکار و گەمژە و دڵرەقە لەو کاتەی کە بۆ خاتری هەمان ئەو ئارەزووە بچووکە بەدرێژایی مێژوو هاوجۆری خۆی خستۆتە ترس و زوڵمەوە بەند و زنجیر و دادگایی کردووە سەرەنجام سپێردراوەتە دەست شمشێر و ئامێری سەربڕین.**



سادە و بچووکە ئارەزووان دەجەمێنێ، دروستکەر و بەختەوەرسازە، تەنیا وشەیەکە بە شەش پیت، لە هەمان ئەو پیتانەی ڕۆژانەی کووچە و کۆڵانان، ئەویش ئازادییە، کە گوتنی ئازادە، بەڵام داواکەی زۆر دژوارە و کارپێکردنیشی دژوارتر، ڕازێکە لەگەڵ مرۆڤ لە دایک دەبێت، وەلێ دەگەڵ مرۆڤ نامرێت، وەک موجیزەیەکی ژیان یا ڕووداوێکی سەرسام وایە کە

ناوی دەنێین ئیشق.

وای مرۆڤ چەند جەبرکار و گەمژە و دڵڕەقە لەو کاتەی کە بۆ خاتری هەمان ئەو ئارەزووە بچووکە بەدرێژایی مێژوو هاوجۆری خۆی خستۆتە ترس و زوڵمەوە بەند و زنجیر و دادگایی کردووە سەرەنجام سپێردراوەتە دەست شمشێر و ئامێری سەربڕین.

لە ڕێگەی هەمان ئەو ئارەزووە سادەیەوە مرۆڤ زۆرترین قوربانی داوە، ئاواتێکی حەقیقی و شادی هێنەرێکی وا کە مرۆڤ لە بەرزی و نزمی و کوتانەوەیدا لە خەم و پەژارەیەکی ئەبەدیدا ڕوونیشتووە ئارمانێکی بونیاتنەرە کە لە پێناویا خوێناویترین شۆڕش بەرپا بووە، دیسان هەمان ئەم ئازادییە کە بەناوی ئەو بەڵکو بە بەهانەی ئەوەوە چەندین شۆڕش دزراوە و لە ڕێ لایداوە و شکستی خواردووە و گەورەترین خەسارەتێ کە هەرگیز پڕ ناکرێتەوە، تەنیا بۆ هێنانەدی یەک ئارەزووی زەینی... یەک ئارەزووی بچووک ڕوودەدات.

ئارەزوویەکی چکۆڵە، بەڵام دەستکەوتێکی گەورەیە کە بەرزی ئیشق و خواستی مرۆڤ و فەرهەنگ شارستانی دەگەڕێتەوە سەر ئەسڵی ڕەگوڕیشەی ئەوەوە، میوەیەکی دانایە کە بەسەر بەرزایی درەختی وجودەوە شین دەبێت و لە کۆتاییدا بۆ کامڵ بوون و بەختەوەری هەر دەبێ بکەوێتە بەردەستی هەمووانەوە.

بەڵام مرۆڤی فەرمانڕەوا و چینی دەسەڵاتدار لە بەرابەر بژێوگری هاوبەش لەو بەهرە ژیانبەخشە، بە تەواوی بۆ مانەوە و دەسەڵاتی خۆی دەستی داوەتە بە موڵک و ماڵ کردن و خستنە ژێر دەستی ئەو درەختە بەختەوەرو بەخشە بەندکردن و دابڕاندنی ئەو میوە دانایە لە بەرزایی درەخت و باوەشی دایک و زاهیدانی باغەوەو پەنهان کردنی لەناو خانەی سندوقی یاسا و دەستووری تەوجیهی و مەقتەعی هەر بە تەنیا بۆ بەردەوام مانەوەی فرمانڕەوایەتی پێنج و دوو ڕۆژەی خۆی ئومێدەوار دەبێ بێ خەبەر لەوەی کە ئەو میوە نایابە ئەو میوە زەریف و کارەسات بەرگە بە تەواوی جیلوەی غەریبانە و جەزاب و جوانییەوە، دژەکانی خۆی لە هەناوی خۆیدا پەروەریش دەکات، دەق وەک ژیان و مەرگ.

ئازادی لە یەک خانەی سندوقێکی حەسر کراودا بەهیچ جۆرە ڕەوش و پەرستارێکی پێویست ناتوانێ بەردەوامی بدا بە مانەوە و سەلامەتی و پاراستنی پێناسەی خۆی و خاسیەتی خۆی.

ئازادەگی و ئازادی خواستێکی سادەو بچووکە کە پێویستی بە ئاگاهی مرۆڤەوە هەیە، تەنیا لە کەش و هەوای لەبارو باغێکی هاوبەش و هەمووانیدا بە بارو بەرەوە ڕوودەنیشێ، بە زمانی سادە دەڵێم ئازادی عەینی مرۆڤە، بەبێ باڵندەگی و کار و توانا، هەتا بەڕادەی ئارەزوویەکی بچووکیش توانای دەست نیشانکردن نادۆزینەوە جا ئەگەر بەو جۆرە لە جیهاندا ڕەواجی هەیە

ئاوا نەفسی ئەو ئارەزووە بگرن و لە چاڵی نێن، ئەوە چک دەکات و بۆگەن دەبێ، لەنێو دڵی ئەم چاڵەدا ئومێدی شین بوونی کەڵە گیایەکی نووشدار نائومێدییەکی گەمژەڵانە و وەهمییە لە کۆنگرەی ئەو چاڵەدا تەنیا بنەو بۆتکەی دڕکی خنکان و تۆڵە و قەهر و ترس و سەرکوتکردن و نائاسییش و مەرگ شین دەبێ، مەرگێ کە بە ناچاری و سەرەنجام دامەنی باغەوانان و کارگوزەرانی ئەو جۆرە ڕەوشە شەیتانیانە دەگرێتەوە، ئەو دڕکە بەر لە هەموو شتێ چاوانی خودی سەرکەوتکەران بە نیشانە دەگرێ.

ئێمە لە میانەی ئەو سەدە هەزارانە پێگەیشتووین و ئەزموونمان کردووە و بەم باوەڕە بێ ئەلتەرناتیفەوە گەیشتینە ئەوەی کە ئازادی و هۆشیاری سینگ فراوانی لە بارەی بونیاتنان و خەللاقیەت و خۆشی هەمووان و یەکسانی کۆمەڵایەتی و گەلاڵەبوونی ڕۆشناییە.

هەرروەها خوێندوومانەتەوە و بینیومانە کە چۆن یەک ئارەزووی بچووکیش لە سێ ڕەهەندی جیادا بۆتە شوێنی بەهرەچنی لە ڕێگەی ئازادی و بەهانەی ئازادی کە بەم جۆرەیە:

– شۆڕش بێدارکردنەوە و ڕاپەڕینی کامڵی خەڵکان لە ڕێگای ئازادیدا.

– نیمچە شۆڕش: بڕینی مرخەمرخی خەواڵوەکان و بێداربوونەوەو سەرەنجام لەڕێ لادان و شکستی یەکجارەکی بەناوی ئازادی.

– کودێتا و تەجاوەز کە بە بەهانەی ئازادییەوە ئەنجام دەگرێت بە نموونە:

– لەشکرکێشی ناپلیۆن (ڕزگاربوونی ئەورووپای یەکگرتووی کلاسیک).

– هێرشی هیتلەر (ئازادی بە هەنجەتی ئەوەی بە نەژاد لە هەمووان باشترن).

– ستالین: (ئازادی بە بەهانەی فەرمانڕەوایەتی ئایدۆلۆژی).

– هەروەها سەدام حوسێن: تەجاوەز کردن بە بەهانەی ئازادی نەتەوەی عەرەب.

لە جیهانێکی ئاوای کلیلدارانی بەغدا ڕێگە نادەن بە کەسێک کە ئەو میوە دانایە ببینێ، هەر بۆیەش چەمک و ئەسڵ و گەوهەری و ئازادیی بەگشتی بە نەناسراوی دەمینێتەوە.

ئەو ئارەزووە دەبێتە دژی ئارەزوو زۆر بەوردی لەبەر خاتری هەمان ئەم بێ ئاگاییە گشتییەوە سەبارەت بە ناسینی ئازادی، کە زۆربەیان لە دژی دووچاری دروشمی لە ڕێ لادەران دەبن بۆ نموونە (هەڵچوونی ئیجگار زۆری خەڵکی ئاڵمان لە بەرامبەر خوتبەکانی هیتلەرە).

---

* ئەم نووسینە لە یەکێ لە ژمارەکانی (دنیای سوخەن) وەرگیراوە و لە نووسینی شاهرخ تویسرکانیەوە، تەنیا شتە گشتیەکانم لێ هەڵبژاردوە و پوختەکەییم نووسیوەتەوە. خۆیشی پێشەکییەکی تایبەتی سەرنووسەری هەمان ئەو گۆڤارە ئەدەبییەیە.